# چەند دیدێکی ڕۆژنامەنووسی لە نێوان هەولێر و سلێمانی

سمکۆ عەبدولکەریم

دەمێکە هەستم بەوە کردوە کە خەڵکی شاری هەولێر وەکو پێویست شارەکەی خۆیان خۆش ناوێت , ئەو ڕۆژە لە نێو تاکسییەکی نەفەرات دابووم لە یەکێ لە ترافیك لایتەکان شوفێری تاکسییەکە تەبلەی جگەرەکەی دەرهێناو لە ناوەڕاستی شەقامەکە بەتاڵی کرد , کەچی ئەو ڕۆژە لە سلێمانی کابرایەکم بینی نەمزانی فەرمانبەرە یان نا دەستکێشێکی لە دەست کردبوو خەریکی کۆکردنەوەی ئەو پارچە شووشانە بوو کە لە لێواری شەقامەکە کەوتبوون , زۆر جار لە هەولێر بینیومە هاولاّتیان لە نێو ئوتۆمبیلەکان و هەر بە ڕێوە قوتی بیبسی و پاکەت و شخارتەی بەتاڵیان فرێداوەتە سەر شەقامەکان، کەچی بە پێچەوانەی هەولێر ئەو ڕۆژە کە لە سلێمانی بووم چەندی کردم جورئەتم نەکرد ئەو قوتیە بیبسیە بەتالە فرێبدەمە سەر شەقام ، بێگومان ئەوە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە هۆشیاری و خەمخۆری هاولاّتیانەوە هەیە , بەلاّم بەشێکیشی پەیوەندی بە دەزگا خزمەتگوزاریەکانی شارەوە هەیە ، لە سلێمانی هەستم کرد وێڕای وشیاری و خەمخۆری خەڵکەکەی دەزگا خزمەتگوزاریەکانیش ڕێوشوێنی پێویستیان گرتۆتە بەر بۆ نمونە لە زۆربەی شوێنە گشتی و تایبەتەکان زبڵدانی تایبەت داندراوە ،کەچی لە هەولێر ئەمە نیە دیاردەیەکی دیکە کە لە هەولێر دەبیندرێ دروست کردن و نوژەن کردنەوەی شەقام و ڕێگا و بانەکانە کە هاولاّتیان قسەی زۆریان لەسەر هەیە و قسەکانیشیان تا رادەیەکی زۆر حەقە هاولاّتیانی شاری هەولێر هەمیشە دەڵێن: حکومەتەکەی( ئێمە بە هاوینان خەریکی سیانەی کارەبا و بە زستانانیش سەرقالی لێدانی مەزراوچاککردنی جادەو کۆلان و شەقامەکانە (من زۆرجار دەلیّم بەڕاستی ئەو خەڵکەش بێ ویژدانن و بەهیچ شتێك رازی نیین ، بەلاّم لە هەمانکاتدا زۆرجار دەچمە پالّ بەرەی گەل و دەلیّم بەڕاستی حکومەتێکی سەیرمان هەیە، لە کاتێکدا دەزانێ ئامێر و کەرستەی پێویستی جێ بەجێکردنی پڕۆژەکان بە شێوەی پێویست لەبەر دەستدا نین کەچی لەماوەی بیست و چوار سەعاتدا نیوەی هەولێرت بۆ سەراو بن دەکات ، دواتریش بە دوو سالّ سێ ساڵیش چاکیان ناکاتەوە ، من باسی دوو سایدەکەی خەلیفان ناکەم کە ماوەی دوو ساڵە تەواو نەکراوە ، چاوەڕوانیش ناکرێت ئەوها زوو تەواو بکرێت ،چونکە وەك هاولاّتیان دەڵێن ئەو پڕۆژەیە دراوەتە سێ مقاول و یەك لەبەر یەکیش ئیش و کارەکان ناکەن . ڕێگەی سەرەکی هەولێر مەخمور هەر باس ناکرێت کە هاولاّتیانی ئەم ناوچەیە داد و بێ دادیانە و خەریکە ساڵێك بەسەر تێکدانیدا تێدەپەرێ ،کەچی پێ ناچێت ئەمەشیان ئەوها زوو تەواو بکرێت . . هاولاّتیان دەڵێن خۆزیا بینایەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك دەهێندرایە( مامزاواوقەتەوی ) ئەوسا دەماندیت چۆن ئەم بستە ڕێگەیەیان بە کەمتر لە هەفتەیەك بۆ تەواو دەکردین ،چونکە بۆ چوونێك لای هاولاّتیان دروست بووە دەڵێن: ئەو ڕێگایەی بەرپرسێك پێیدا هاتوو چۆ نەکات یان گەڕەکێك مالّی مەسئولێکی لێ نەبێت ئەوە بە قور دەگیرێ شتێکی تر کە زۆر سەرنجت ڕادەکێشێ ئەوەیە کە زۆربەی ئەو شەقامانەی لە نێو هەولێر دروست دەکرێن یان دوای تێکدانیان چاك دەکرێنەوە ئەوە دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆریشی پێدەچێ،کەچیلایەکی شەقامەکە تەواو دەکەن و لایەکەی تریش بەجێ دێلن کە تائێستا کەس لە نهێنی ئەمە ناگات . سەعاتدا زۆربەی شوێنەکان تێکدەدرێن بەلاّم بە سالّ و دوو 24 لە ماوەی ساڵیش چاك ناکرێنەوە، کە ئەمەش زیاتر لە کەمتەرخەمییەوەیە ، ئەگەر نا زۆربەی ئەم پڕۆژانە دەکرێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا تەواو بکرێن ئێستاش لە بیرمە کە شەقام و چوارریانەکەی عەنکانەوە کە



بەناوی فرانسوا میتران کراوە لەماوەی سەعاتی شەودا دوای ئەوەی کە هیچی لەسەر هیچ نەمابوو رەسیفەکانی 12 تەنها بۆ داندار و بۆیاغیش کرا ، هەر بەو شەوە قیرتاویشیان کرد و پاکو خاوێنیش شووشتیان , ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەی بڕیار درا بوو کە دەبێ ئەم شەقامە بۆ بەیانی سازو ئامادە کرابێ بۆ ئەوەی دانیاڵ میتران کە ئەو رۆژە لە هەولێر بوو شریتی کردنەوەکەی ببڕێ . زۆر جار برادەران باسی ئەوەیان دەکرد کە سلێمانیەکان وێڕای هەر ناتەباییەکیان لەگەڵ یەکتردا لە رووی فیکری سیاسیەوە بەڵام زۆر کەم لە پشتەوە لێکتر سوراونەتەوە لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا یەکێتییەکان لە سلێمانی سەرو ماڵی پارتیەکانیان دەپاراست دەیان گوت ئەمە کوڕی( شارە) کە لە هەولێر شتی وام نەبیستوە و نەبینیوە . شەوانە ئەگەر بە شەقامەکانی سلێمانی بسورێتەوە دیمەنی ئەو هاوڵاتیە بێ کەس و کارانەی کە لەبەر بێ جێیی لەسەر شەقامەکان دەخەون زۆر سەرنجت رادەکێشێ کە ئەم حاڵەتە لە هەولێر زۆر کەمترە .



لە شەقامەکانی سلێمانی زیاتر پیرەمێردی بە ساڵا چوو دەبیندرێن کە وەك دەست گێر کاری سەرپێی دەکەن . . کارپێکردنی منداڵان زۆر کەمە ,, بە پێچەوانەی هەولێر کە کارپێکردنی منداڵان زۆر زیاترە لە کارکردنی بەساڵا چووان لە سلێمانی ئەو دوکانانەی کاری چوارچێوە سازی و وێنە فرۆشتن دەکەن وێنەی مام جەلال و کاك

**مەسعودیان لە چوارچێوە گرتووە و دەیان فرۆشن بەڵام لە هەولێر تەنیا وێنەکانی بارزانی ڕەحمەتی و کاک مەسعود و نیجیرڤان بارزانی دەبیندرێن.**
**لە سلێمانی ئەگەر سەر بە ئوتێلی چوارباخدا بکەی لە هۆڵی پێشوازیەکەیدا جگە لە ئاڵاکانی کوردستان و عیراق ئاڵای یەکێتی و پارتیش هەڵواسراوە کە باوڕ ناکەم لە هیچ هوتێلێکی هەولێر ئاڵای یەکێتی هەڵواسرابێت ئەو بازگە زۆر و ڕێگاو بان گرتنەی لە هەولێر هەیە لە سلێمانی نییە کەچی وێڕای ئەو هەموو عەرەبەی لە سلێمانی هەیە هێشتا شاری سلێمانی ئارامترە**